www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:26 26-10-2006

## مارێنز وعەواکف و ئەی رەقیب ..... رزگار کۆچەر

rzgar_kochar@hotmai;l. com

لەدوای رزگار بوونی خەڵکی عێراق لەدەست رژێمی گۆر بەگۆری بەعس، هێزەکانی ئەمریکا وەك هێزیکی رزگاری کەر خۆیان بەخلك ئاشنا کرد لە زۆر شوێن گول باران کران و دۆلمەیان بۆ دروست کراو داوەتی ماڵ کران و جلی کوردی و عەگالیان لەسەر نرا، تەنانەت هەندێکیان فێری شایی سی پی ی و چۆپەیی و دوانزە پی ی و رەش بەلەك کران... لە ئاهەنگی کۆلێج وزانکۆکان خەلك وێنەی لەگەڵ دەگرتن و کچە شۆخەکان کی برکیان بوو بۆلە تەنیشت راوەستانیان کدمۆرنیك لێکردن...

لە کەرکوك و موسڵ هێزەکانی ئەمریکا ئافرەتە لەش فرۆشەکانیان لە شوێنیك کۆ کردبۆوە گەنجی شار خەنی ببون 5 هەزاری خۆت بدەوە کچە عەرەبێکی هاوردە ببە بن خێمە... ئەوەیە دیمۆبەرەلایی ئەمریکا ئەوان وایان زانی گەر بەرەلای لە جنس کردن هەبێت ئەوا دەتوانن بەم شێوەیە دەست لەسەر نەخۆشیەکانی گەلانی عێراق دانبنێن و بەم شێوەی خۆیان چارەسەریشی بکەن...

برادەرێکی کەرکوکیم گوتی ئەوان قەسدی ئەمریکیەکانە هەرچی ئاژوە هەیە بۆ کەرکوکیان دروست کردوە جارێك ئالای کوردستان دەهێنە خواری جارێکی تر پشتگیری لە سیاسەتە چەوتەکانی بەری بەناو تورکمانی دەکەن جارێکی تر عەرەبە هاوردەکان دەکانە عەنتەرو بە عەنتەریات کۆبونەوی بەعسیەکان لە کەرکوك ساز دەکات جارێکی تر تەقە لە هاولاتیانی کورد دەکەن و شەهیدیان دەکان....

ئەو لە جێگایەکی تر ئاماژەی بە هەندی کاری تیرۆرستی کرد لە کەرکوك وئۆباڵی هەندێکیشیانی خستە ئەستۆی ئەمەریکیەکان ئەو پی ی وا بوو چەندجارێك ئەوان گەورە تیرۆستیان گرتوە کەچی دوای ئەمەریکیەکان ئازادیان کردوون...

لەگەل دروست بونی سوپای تازەی عیراق ئەرکی راهێنان و مەشقی ئەم سوپایە تەنانەت دابین کردنی پێداویستیەکانی سەربازیش لە چەك وتەقەمەنی بەر ئەمریکەکان کەوت بۆیە زۆر جار باس لە هەبونی گەندەڵیەکی زۆر لە نێو سوپای تازەی عێراق دەکرا تەنانەت وەزیری بەرگری حکومەتەکەی عەلاوی بە تومەتی گەندەڵی چەند جارێك داوای لەسەر تۆمار کرا بێجگە لە تێکەل بوونی گروپی تیرۆستەکان لە نێو تەشکیلاتی سوپای عێراقی و ئاشکرا بوون و دزینی پارە و پارچەی کەلوپەلی شوێنەوارە گران بەهاکانی عێراقی لەلایەن سەربازە ئەمەریکیەکان!!.

لەگەل باس کردنی ئەو بابەتە تا ئێستا سوپای عێراقی تازە بەگیانێکی سەربازی نەی توانیوە ئارامی و ئاشتی سەقام گیر کات لە عێراق کەچی لەم ماوەییەی تەشکیلاتی نویی سوپای عێراقی دروست کراوەتەوە زۆر جار بەر گوێمان کەوتوە و بیستومانە کەوا بە سەماکردن و بادانی سمت و سینگی کچە کێوەلیەکان رێز لە ئەمریکیەکان نراوە!!!

بۆیە مرۆڤ دەکرێت لێرە دوێنی ی خوێناوی بەعسیەکان بهێنێتەوە بەرچاو کاتێك کورەی بەنازەکەی دیکتاتۆر هەرچی لەش فرۆش هەیە لە چوار دەوری خۆی کۆی کردبونەوە تەنان وەك دەڵێن عودەی گەورەترین بازرگانی ئافرەت بووە لە نێو نیشتیمانی عەربی هەر بۆیەش جاران زۆر جار بەعسیەکان کە ئاهەنگی شەوانەیان رێك دەخست هەرچی کێوەلی عێراقی هەبووە کۆیان دەکردوە نمونەی مەی ئەکرەم و حمدیە سالح و زۆرانی تر کە لە بەردەم رەفیەق وشەفیقەکانی بەعس سمت و سینگیان بادەدا تەنانەت زۆر جار پارەو پولی گەلانی عێراقیان بەسەریان دادەکرا.. !!

ئێستاش وەك خوێندمانەوە لەگەڵ سرودی ئەی رەقیب کێوەلیەکانی کەکوك وتکریت سمت و سینگ لەپێش مارینزە نێر بازەکانی ئەمریکا بادەدەن، تا بەعسیەکانی نێو سوپای عیراقی ببنە شوێن متمانەی مارێنزەکان.... ئاخر ئەوان جنس لەگەل یەك دەکەن گەر عواکف و یەل پۆرتوقالە ببینن سمت و سینگ بەم شێوەیە با دەدەن ئینجا دەبێت ئەوان چی بلێن؟؟؟؟